# مەلا ئاوارە

کاوە فیدا

«مەلا ئاوارە» لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە ئاوایی «شلّماش» لەدامێنی کوێستانە سازگارو بەناوبانگەکەی «هۆمل» لەناوچەی سەردەشت لەبنەماڵەیەکی ئاینی هەژارو چەوساوە هاتە سەر دنیاوەو ناوی‌نرا ئەحمەد.

ئەحمەد کەگەورەبوو لەتەمەنی منداڵیدا لەلای باوکی قورئان‌و کتێبی ناگەهان‌و ئیسماعیل نامەو گولستان‌و بۆستان‌و چەند کتێبی دیکەی خوێند، بوویەفەقێ‌ی باوکی‌و ئەودەرسی پێ‌دەگوت چونکە مەلا موحەمەد ئەمین لە دێ‌ی شلّماش فەقێ‌ی هەبوون‌و تەدریسی دینی دەکرد.

فەقێ ئەحمەد بۆ خوێندن چووە گوندی «گەناو»و لەلای مامۆستا مەلا صالحی بێژوێ دەرسی ئاینی خۆی پەرە پێ‌دا، لە سوختەیی دەرچوو بوویە موستەعید، ئەمجاپێ‌یان دەگوت مەلائەحمەد. لەچەند حوجرەی دیکە دەرسی ئاینی خوێندو پلەی خوێندنی بەرەو ژوور چوو، بەتەمەن گەورەبوو خۆی‌دا لە بیست ساڵێ.

مەلائەحمەد هەمیشە موتالەعەی دەکردو کتێبی دەخوێندەوە، بیری دەکردەوە، دەی‌ڕوانی، دەی‌بیست‌و لە مێژووبەسەرهاتی جیهاندا دەی‌خوێندەوە کە زۆربەی گەلانی ئەم جیهانە ئازادن، سەربەستن، یان خودموختاریان وەرگرتووەو لەوڵاتی خۆیاندا سەربەخۆ دەژین.

مەلائەحمەد دەی‌دی کەلەبەر چاوی ئەو ژاندارم‌و پۆلیسەکانی ڕژێمی حمە ڕەزاشا خەڵکی بێ‌چارەی کورد دەگرن‌و دەکوژن‌و دەکرۆسنەوەو بە هەموو جۆر زوڵمی لێ‌دەکەن. ئەو ئەم هەموو زوڵم‌و زۆری‌یەی دەدی‌و زوڵمی ڕابردووش لە مێژوودا دەخوێندەوەو دەشی‌زانی کێ ئەو زوڵمە لە میللەتی کورد دەکا، بەڵێ دەیزانی کە داگیرکەرانی کوردستان‌و شای خوێن‌خۆرو زاڵم‌و نۆکەرانی ئیمپریالیزم ئەوغەدرە دەکەن‌و کورد بەهەموو جۆر دەچەوسێننەوەو لەچکۆڵەترین مافی ئادەمیزاد بێ‌بەشیان‌کردووە.

ئەو دەیگوت من ئینسانێکی کوردم، ئەو هەموو زوڵمەی لەکورد دەکرێ لەمنیشە، بامنیش وەك گەلانی ئازادی‌خوازی دنیا ڕاپەڕم‌و گیانی‌خۆم لەپێناوی ئەوئینسانە زوڵم لی‌کراوانەدا بەخت‌کەم. گەلێك‌جار ڕقی‌هەڵدەستاو خەریك‌دەبوو گۆپاڵێکی وەك هی‌کاوەی ئاسنگەر هەڵبگرێ‌و بچێ بیدا بەتەوقی سەری شاو ئیمپریالیزمداو بۆ هەتاهەتایەی لەناوبەرێ، بەڵام دەهاتەوەسەرە خۆو بیری‌دەکردەوەو دەیگوت: ئا ئەوکارە زۆر ئاسان‌نیەو لە توانای تاقە ئینسانێکدانیە، چەپڵە بەدەستێك لێ‌نادرێ‌و پێویستە هەموومان یەك‌بگرین، هەموو

ئینسانه زوڵم لێکراوەکان ، کورد ، فارس ، تورك ، بلوچ‌و عەرەب‌و هەموو یەكدەنگ‌و یەكڕەنگ شانوەبەردەن ، دەست بخەنە ناودەست‌و هەموو تێکڕا بۆئازادی‌و سەربەخۆیی وولاته خۆشەویستەکەمان تێبکۆشین لەدژی زۆرداران‌و دارو دەستەی شای‌زاڵم . بەڵێ‌ئەو لەتەمەنی گەنجیەتی‌دا ئەم هەموو شتانەی وەك فیلمی سینەما بەبەرچاویدا دەهات .

بابزانین مەلا ئەحمەد چی‌کرد ؟ . هەستا بەدڵێکی وەك پۆڵا سوێندی خوارد بەئایین‌و نیشتمان کەڕاپەڕێ‌و بڕوا بەرەوپێش تادواهەناسەی ژیانی نەگەڕێتەوەو تێبکۆشێ بۆ خزمەتی خەڵکی بەشخوراوی کورد لە دژی زاڵمان .

بەونیازە پاکەوە لەسەرقسەو پەیمانی خۆی سووربووو ڕاپەڕی‌و دەستی‌کرد بە جوڵانەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێران‌داو بەنهێنی دەستی‌کرد بەهوشیارکردنەوەی خەڵکی دێهاتەکان‌و هەربەو بۆنەیەشەوە ناوێکی جوانی دیکەشی بۆخۆی هەڵبژاردو ناوی لەخۆی‌نا (ئاوارە) ئەمجا پێ‌یان دەگوت مەلائاوارە .

مەلائاوارە چووە ناوجوتیارانی لادێ‌و بووبە هاوڕێ‌یان ، بووبەدۆستی ڕاست‌و بێ‌وێنەیان ، قسەی بۆدەکردن‌و تێ‌ی دەگەیاندن ، لەکاروباری ڕۆژانەیاندا یارمەتی دەدان ، بۆ هەموو خۆشی‌و ناخۆشی‌یەك بەدەنگیانەوە دەچوو ، هەڵبەستی سادەی بەزمانی کوردی دەنووسی‌و بۆی دەخوێندنەوە . ڕووی‌کردبایە هەردێ‌یەك لەدورەوە پێشوازیان لێ‌دەکردو بەهاتنی دڵخۆش دەبوون .

ئاوارە بەتەواوی هەستی بەئێش‌و ئازاری خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان کردبوو ، بەتایبەتی بەتوتنەوانەکان ، چونکەئەوان زۆر ماندوو دەبوون‌و ئارەقیان دەڕشت‌و لەسەرەتای بەهارێ‌ڕا هەتامانگی هەوەڵی پایزێ حەوت مانگی‌تەواو چنگ‌و نینۆکیان پێوە نەدەمان‌و نیوە عەمر دەبون



( مەلا ئاوارە )

مەلا ئەحمەدی شەلماشی

هەتا چەند فەردەیەکیان توتن دەهێنایە بەرهەم‌و دەیان بردە بەردەستی مەئمورە بێ‌ڕەحم‌و بێ‌ئینسافەکانی ئینحساری دەوڵەتی داگیرکەری شای بەکرێ‌گیراو ، ئەوانیش بەکەیفی خۆیان‌و بەنرخێکی زۆرکەم لێ‌یان‌دەکڕین ، یان‌ڕاست‌تر بڵێین هەر لێ‌یان دەستاندن . ئاوارە کەئەو زوڵم‌و زۆرەی وەبەرچاوی دەکەوت بەجارێك دڵی بەوتوتنەوانە هەژارانە دەسوتاو دەستی دەبرد بۆ پێنوسەکەی‌و لەبارەی ئەو زوڵمە بێ‌وێنانەوە بەهۆنراوەی سادەو ڕەوان دەستی دەکرد بەنووسین . (هاواری توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت) یەکێك‌لەو هەڵبەستانەیە کەبەزمانێکی سادەیەو هەمووکەس تێ‌ی‌دەگا .

ئاوارە وەکوو هەموو تێکۆشەران‌و ئازادی‌خوازانی دیکەی ئێران لەسەنگەری هەرەپێشەوەی خەباتدا تێ‌دەکۆشاو ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر پەرەی بەخەبات‌و تێکۆشانی بێ‌وچان‌و شێلگیرانەی لە

دژی دەوڵەتی داگیرکەرو خوێنڕێژی حەمەڕەزای پەهلەوی دەداو زیاتر سووردەبوو لەسەرئەوەی کە حەتمەن دەبێ ئەمداموو دەزگایە سەرەوبن بکرێ .

## (ئاوارە چۆن کەوتە داوی نۆکەرانی ئیمپریالیزم)

ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ئاخر مانگی بەهاری ساڵی ١٩٦٨ی زایینی مەلائاوارەو سێ هاوڕێی هاوخەباتی تری لە گوندی (دیوالآن) لە ناوچەی (سوێسنیان)دا میوان دەبن و شەو لەهەمان ئاوایی دەمێننەوەو ژاندارمەو پیاوخۆرەکانی حەمەڕەزاشا کەبەمەدەزانن بەهەڵ و فرسەتی دەزانن و هەرئەوشەوە دەورەی ئاوایی یەکە دەگرن و ئاوارەو هاوڕێکانی دەستگیردەکەن و بەیانی لەگەڵ تاوهەڵاَت ڕەوانەی سەربازگەی (جەڵدیان)یان دەکەن ، کە ئەوکاتە لەلایەن ڕژێمی شای خوێنمژەوە دادگای سەحرایی لێدانرابوو کە بەهۆی (ئارتەش بود ئوەیسی) کرابوو بە قەسابخانەی گەلی بێ تاوانی کورد . ئاوارەو هاوڕێکانی ماوەی حەفتاویەك ڕۆژ لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی پیاوەکانی حەمەڕەزادا مانەوەو لەڕۆژی (٩)ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٨ ڕەوانەی شاری سەردەشتیان کردبوونەوەو هەرئەوڕۆژە بەدەستی ژاندارمە خوێن خۆرەکانی دەوڵەتی ئێران تیربارانکران .

بەڵێ بەمجۆرە ئاوارەی تێکۆشەر شەهیدکرا ، بەلاَم ناوی نەمری هەرزیندووە ، هۆنراوەکانی شاهیدی نەمری و زیندوێتی ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕەن .

هەرکەسێك هۆنراوەکانی بخوێنێتەوەو بەووردی لێیان بڕوانێ تێدەگا کەئاوارە تاچ ئەندازەیەك تێکەڵ بەگەلەکەی بووە ، تا چ ئەندازەیەك شارەزای ئاوو هەواو سروشتی جوانی ولآتەکەی بووەو هۆگری ڕەزوباخ و مێرگ و کوێستانە سەرکەشەکانی کوردستان بووەو ئیلهامی شیعرەکانیشی هەرلەوانەوە هەڵێنجاوە .

ئەوەی شایانی باسە ئاوارە خاوەنی گەلێك هۆنراوەی بەرزو جوانەو بەداخەوە دەڵێم تائێستا هۆنراوەکانی کۆنەکراونەوەو لەبەرگێکی تایبەتدا بەچاپ نەگەیشتوە ، ئومێد دەکەم کە ڕوناکبیرانی کورد هیمەتێك بکەن و ئاوڕێك لەم هونەرە لەیادکراوە بدەنەوەو ئەوەندی بۆیان دەکرێ و دەلوێ لەبارەیەوە بنووسن و لەدوا ڕۆژێکی نزیکشدا هۆنراوەکانی کۆبکرێنەوەو بکەونە بەردەستی خوێندەوارانی خۆشەویست .

ئەمەش نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی مەلا ئاوارە- - -

## (هاواری توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت)

توتنەوانێکی هەژارم     بێ خانوو و بێ زەوی وزارم
بێ پوول و باخ و بزن و مەڕ     دوورم لەخێر نزیك لەشەڕ
مندالَم ڕووت و برسی یە     ژیانم پڕ مەترسی یە
ڕووم نیە بچمە ناو خەڵك     بێ بەرگ و پێلاَو بێ کەڵك
قەرزدارم ، دەردەدارم     شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
هەرکەگوتیان سەری ساڵە     وادەی جووت و کشت وکاڵە
خۆم و خێزان گەورەو بچوك     ڕادەپەڕین وەکوو هەلووك
هەڵدەبەزین لێرەو لەوێ     بەڵکو کارێکمان دەست کەوێ
یاقوڕەکاری و خشتەبڕین     یاجووتەو زەوی هەڵدڕین
وابەهارە دەرکەوت گڵ     جێگە خۆش دەکرێ بۆ شتڵ
بەگاسن و پێمەڕەو پاچ     بەچنگ و نینۆك و بەقاچ
دەی بێژین و خۆشی دەکەین     تێکەڵ دەبێ لەگەڵ پەین
ئەوجا تۆو شتڵ پێدەکرێ     بەچیلکە و چاڵ سەری دەگرێ
دووڕۆژ جارێك ئاوی دەوێ     تاشین دەبێ و دەردەکەوێ
بژاری چەند ناخۆش و وورد     پیشەی کوڕو کیژی کورد
شەووڕۆژ خەونا چێتە چاو     کەنگێ بەرم دەکەوێ ئاو
زەویەکەم بۆرە دیر بکەم     نەوەك پیس بێ شەتڵەکەم
بەشۆ ، بڕین و وەردوخەت     کێلاَن دەگاتە پێنج کەڕەت
دێراو هەڵدان ، خاکاوکردن     کوڕوکچ وەکزوەکردن
ناخۆشە توتن چەقاندن     هەڵتروشکان ، پشت چەماندن
لە ئاوداشتن سستی نەکەی     تادەرسکێ وشکی نەکەی
نۆرەی پشك و بژار بڕە     جەرگ بڕە ، بژار بڕە

وانێوکوڵکرا ، ئاودار
ڕەبی کوێرێو چاوی نوسێ
دەردی پێرارم نەگاتێ
توتن نوس بۆخاتری خودا
مەی‌سوتێنە ڕەنجی ساڵم
تازە هەڵی‌وەشێنمەوە
من کاربەدەستی دەوڵەتم
زۆری لەبەر پارامەوە
نووسی بەچل پوتی تەواو
بەفیزەوە سواربوو ڕۆیی
ئەوجار بارین دەردوبەڵا
بەلەرزوتا ، بەدەردی چاو
بێ‌پوول و پارە ، بێ‌خەرمان
کرم و مەلەش ، مێش و گەزو
ئەویش وەك من سیس و داماو
نەخۆشی و هەژاریم بران
چارداخ و بەن پێوەکردن
تێلیس ، شریت و حەمباڵی
ئەوادا گیراو دانرا
خۆشی ، خۆشی دڵم شادە
توتنەکەم زۆرجوان و ڕەندە
ئەورۆ سبەی باری دەکەم
ئینحیسار چاکم لێ‌دەکرێ
هەرقەرزێکی بەسەرمەوە
جلك و پێڵاو ، دەسرەوکڵاو
هەرچی پێویست‌بوو بۆ ماڵم
هەمووی دەکڕم بە هەرزانی
قەرزدارنیم نەخت کڕم
حاجی‌قادر ، عەلی قەساب
شەو لەئوتێل لەسەر فەنەر
بەرۆژ تاشەو بازارپێوان
دەگەڕێم دوکان بەدوکان
لە دەرزی تاکوو پەشمینە

لەدوورەوە بەرچاوکرا
بەزیادم لەسەر نەنوسێ
نەکەسریم بێ‌و نەچیم داتێ
ڕوحمێ بکە بەمنی گەدا
خاوەنی کۆشێك منداڵم
بشمری نای کوژێنمەوە
دوژمنی خاك و میللەتم
بێ‌پوول جوابی نەدامەوە
تەپلە بەسەری دوابڕاو
بۆمن چی‌ما ، ڕەنجەڕۆیی
بۆ توتنەوانی بێ‌سەلا
سیس‌بووم وەك توتنی بەرهەتاو
بێ‌دکتۆرو داوو دەرمان
لە توتنی تاین‌بوون وەکۆ
چرچ و بێ‌شەفاف و ژاکاو
کارم زۆرەو دەردم گران
وەبەرتاودان ووشك کردن
خەسارنەکەی نیومسقاڵی
پەتەی بارکردنی درا
خاوەن قەرز بەس خۆبادە
بۆن‌خۆش و باش و پەسەندە
وارید بەناو شاری دەکەم
پوولێکی باشم پێ‌دەبڕێ
دەی‌دەمەوە بەگەرمەوە
برنج و ڕۆن بۆچلاو پلاو
بۆ خۆم و ژن و منداڵم
لە چاوسالان بەمەجانی
چیدی نالێم بەرگ شڕم
چایی بێنێ لەگەڵ کەباب
دەخۆم دەنووم بەبێ خەتەر
بەفیزەوە قەدەم‌لێدان
سەوداکەم جلکی جوان
هەرشتێ جوان و ڕەنگینە

نرخ و قیمەتی دەپرسم
منداڵیش تلی تلیانە
باب لە شاردەگەڕێتەوە
دوو ڕۆژ بەم جۆرە ڕام‌بوار
دڵ پڕ لە ئاهەنگ و خۆشم
ئاغای ڕەئیس وەدەرکەوت
دە فەردە توتن ڕیزکراو
بۆ دیتن و چاولێ‌کردن
سەرونی هەڵتەکاندن
منیش لەجێی خۆهەستاوم
لەناکاو هاتە گوێم دەنگی
بەڕونکی تریش و تاڵەوە
دەپووتت کەسری لەسەرە
کە گوێم‌گرت لەودەنگ و سەدا
پاش‌تاوێ مات و حەپەسان
هاتمەزمان ، هاوارم‌کرد
گوتم هەی دادو هەی‌هاوار
ئاغای ڕەئیس قەرزدارم
هیچ نەبێ قەرزی ئەمساڵم
بدەنێ بائەربابەکەم
ڕازی بکەم بیدەمەوە
یابمگرن یابمکوژن
ببەخشن بەڕێگەی‌خودا
هەڵدەلەرزم هەڵدەچۆقام
ئەی بێ‌شەرمی پەردەدڕاو
بێ‌دەنگ نەبێ بێ‌ئابڕوو
داکوڕێنە لێرەی‌دەرکەن
بەم چەشنە دەریان پەڕاندم
بەدزی خاوەن قەرزو ئەرباب
ملم بۆنا لە لارەوە
بەچاوی پڕگریانەوە
هاتمەوە ناو خاوخێزان
فرمێسکی ڕووتی و هەژاری

توتنم هەیە چاو نەترسم
لە ماڵێ خۆش خۆشیانە
هەموو شتێکمان بۆ دێتەوە
بەقەرز نان و چایم خوار
ئەمڕۆ توتنەکەم دەفرۆشم
ئۆخەی نۆرەم وەبەرکەوت
لەبەرشەوق هەڵنایە چاو
هەمووی پەرت و بڵاوکردن
نیوەیەکی لێ‌وەراندن
بەبێ زمان ڕاوەستاوم
دای لەجەرگم وەك خەدەنگێ
گوێ زوو بگەرە ماڵەوە
بێ‌هێنە بێ‌بێنەوبەرە
ڕەق‌بووم لەوێ وەك مرقەبا
بەدەنگێکی پڕ لەترسان
لێم کۆوەبوون درشت و وورد
هەی لەڕێگەی پەروەردگار
نەخۆشم ، برسیم ، هەژارم
قووتی خێزان و منداڵم
هەقی چایی و کەبابەکەم
ڕێم ببێ بۆشار بێمەوە
یا کەسریم لەسەرهەڵگرن
خەرجم نیە بۆ دادگا
نەڕاندی بەسەرما تۆقام
ئەی چڵمنی پیس و گلاو
تێت هەڵدەدەم بەئارەزوو
نەك لێرە شاربەدەری کەن
بەرهەمی ساڵیان فڕاندم
بێ پوولی قاوەچی و کەباب
دەرکەوتم لەناو شارەوە
بەدڵێکی وەك بوریانەوە
وەك بارانی گەڵا ڕێزان
لە چاوی گشتمان دەباری